کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# سالّی نوو 2007 ئەحمەد دەشتی



ئەوا دیسان سەرە سالّە
بابا نۆئیل بەرە ومالّە
سەیری بکەن چەندە جوانە
چەند بەڕیز و خانەدانە
ئامادەیە بۆ هاوکاری
بۆ گشت کەسێ دێنی دیاری
دەلّێ هەستن واجەژنەیە
شادی ژیان زۆر گەورەیە
شیرنی دەدا بە مندالّان
بە دراوسی و بە هەڤالّان
دەلّی وەرن بە ئازادی
بگرن جەژنی پڕ لە شادی
خۆشەویستی یەکتری بن
دوور لە فێل و ئێرەیی بن
لەم وەلّاتە پڕ شادیە
سەربەخۆیی و ئازادیە
بابا نۆئیل هاوار دەکا
سەربەرزی ژین داوا دەکا
دەلّی وێکڕان سرودیئەوین
بچڕن بۆ سەربەخۆیی ژین
هەمووپاکو دلّبێ گەردبن
دوورە پەستی و خەراپە بن
نەکەن بەرزی بدۆڕێنن
دلّی هیچ کەس مەڕەنجێنن
کێ کە بگرێ جەژنی شادی
دیارە دوورە لە نامرادی
وەرن دوژمن نەفرین بکەن
ڕوولە خۆیی وجەژنە بکەن
دەبا وێکڕان ئێمەش هەموو
دۆستی یەکبین بێسێوو دوو
بلّێن بژی گشت نیشتمان
سەربەخۆیی بۆ کوردستان
نیکۆلاوس وا دیارە
شادی لە بۆ گشت هەوارە
دەڕوا دەچی بۆ کوێستانان
دلّشاد دەکا لە زۆزانان
دەلّێ وەکو بەفر دلّتان
پاک وبێ گەردبێ لە ڕێتان



لەگەل پیرۆزبایی‌سەرەسالّی 2007 پێشکەشە بە هەموو مرۆڤێک و ئەوانەی خۆشم دەوێن